# لاپەڕەی ڕووناکی کات

**سوهراب سپێهری**
**لە فارسییەوە: توانا ئەمین**
**(سوید)**



لە تاو هێرشی ڕۆشنایی، شووشەکانی دەرگاکە دەلەرێنەوە.
بەیان ئەنگوت، خۆر هەڵات.
چاییمان خواردەوە لەسەر چیمەنی مێزەکە.

سەعات نۆ هەور هات، تارمەکان(١) تەڕ بوون.
ساتە بچووکەکانی من لەژێر پێچیلەکاندا(٢) خۆیان شاردەوە.
بووکەشووشەیەک لەودیو بارانەکەوە بوو.

هەورەکان ڕۆیشتن.
هەوایەکی ساماڵ، چۆلەکەیەک، فڕینێک.
دوژمنانی من لە کوێن؟
بیرم کردەوە:
لە خزمەت گوڵە شەمدانییەکاندا(٣) بەدبەختی دەتوێتەوە.

دەرگام کردەوە: پاژێ لە ئاسمان کەوتە پەرداخی ئاوەکەمەوە.
ئاوم بە ئاسمانەوە خواردەوە.
ساتە بچووکەکانی من خەوی زیوییان دەبینی.
من کتێبەکەمم لەژێر ساپیتەی ئادیاری کاتدا کردەوە.

نیوەڕۆ هات.
بۆنی نان لە هەتاوی سفرەکەوە تا پەیبردنی جەستەی گوڵ سەفەری دەکرد.
لەوەرگای پەیبردن پاراو بوو.

دەستی من لە ڕەنگانی خۆڕسکی بووندا کەوتە مەلە:
پرتەقاڵێکم پاک دەکرد،
شار لە ئاوێنەدا دیار بوو.
برادەرەکانی من لە کوێن؟
ڕۆژانیان پرتەقاڵی بێت!

لەودیو شووشەوە تا بخوازی شەو.
لە ژوورەکەمدا زایەڵەیەک بوو لە بەریەککەوتنی پەنجەکانم و شەپۆل.
لە ژوورەکەمدا دەنگی کەمبوونەوەی پێوەر دەهات.
ساتە بچووکەکانی من تا ئەستێرە بیریان دەکردەوە.
خەون لە چاومدا شتانێکی دروست دەکرد:
کەشێکی واڵا، زیخەکانی چپە، جێ پێی یار...

**پەراوێز:**
**١- تارم: محەجەرە.**
**٢- پێچیلە: یان گوڵە لادەن، ناوی جۆرە ڕووەکێکە کە ڕەگەکانی درێژ و گوڵی نارنجی، یان پەمەیی، یان سوور و سپی دەگرێت. ڕوحی ئەم گوڵە لە بۆنسازیی و پزیشکیدا بەکار دەهێنرێت و لە کوردەوەرایدا (مووڕگەگیا)یشی پێ دەڵێن.(و)**
**٣- گوڵەشەمدانی، گوڵێکی گەڵا پانە بە ڕەنگی جۆراوجۆر، لە سروشتی کوردستاندا هەیە.(و)**

**سەرچاوە:**
**سهراب سپهری. (هشت کتاب)، چاپ چهاردم، انتشارات طهوری، ١٣٨٥، ص ٣٨٥.**
*** ئەم شیعرە یەکێکە لە شیعرەکانی پرۆژەی (هەشت کتێب - کۆبەرهەمی شیعری سوهراب سپێهری) کە لەلایەن وەرگێڕەوە کراوە بە کوردی و ئامادەیە بۆ چاپ.**